حكومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
مديرية التعليم الخاص

ژمارە: ١٨٠٧٦
ڕێکەوت: ٩ / ١٧ / ٢٠٢٣ زایینی
/ / ٢٧٢٣ی کوردی
١٦٢٨

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٣

بۆ / گشت زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان

بابەت/ گشتاندن

سڵاو و ڕێز...

هاوپێچ لەگەڵ نوسراومانـدا وێنەیەک لە ڕێنمایی ژمارە (١٠) ی تایبەت بە (ڕێنمایی و مەرجەکانی وەرگرتنی قوتابیان/ خوێندکاران بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان) دەنێرین بۆ بەڕێزتان, دوای پەسندکردنی ناوەڕۆکی ڕێنمایی ئاماژەپێکراو لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان.

بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا...

حەمەی حەمە سعید
وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
(بە وەکالەت)

هاوپێچ///
ڕێنمایی ژمارە (١٠) ی تایبەت بە (ڕێنمایی و مەرجەکانی وەرگرتنی قوتابیان/ خوێندکاران بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان).

وێنەیەک بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزیر/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/تکایە بۆ بلاوکردنەوە/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بەدواداچوون/ بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی/ ڕێنماییتان ژمارە (١٠)/ بۆ زانین و کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت/ لەگەڵ بەرایيەکان.
- دۆسیەی دەرکردە.

(کارزان کمال ٢٠٢٣/٩)


هەولێر، ڕێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی -ناونیشان
ئیمەیل: private.studiesg@mhe-krg.org
عنوان- أربيل، طريق كركوك، شارع هادى جاوشلى
ژ. تەلەفون: ٠٧٥٠١٤٤٦٧٦٨/ ٠٧٧١٤٥٨٦٧٦٨
Address - Erbil, Kirkuk Road, Hadi Chawshli Street
www.gov.krd

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

## ڕێنمایی ژمارە (١٠) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣ - ٢٠٢٤)
## ڕێنمایی و مەرجەکانی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان

**پلان و ئامانج و دیدی وەزارەت:**

لەژێر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠١٣) ی زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان و بەمەبەستی ڕێکخستنەوەو چەسپاندنی دادپەروەری و شەفافیەت لە پرۆسەی خوێندن و دڵنیابوونەوە لە ئاستی زانستی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان، ڕێنمایی و مەرجەکانی تایبەت بە وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٣ - ٢٠٢٤) پلانی وەزارەتمان دەبێت، کە لەهەمانکاتدا ئامانج تێیدا پاراستنی مافی قوتابیان/ خوێندکارانە لە بەدەستهێنانی هەلی خوێندن لە زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان و بەدیهێنانی هاوسەنگی لە وەرگرتن لە نێوان دەرچووان و بازاری کار بە جەختکردنەوە لە پاراستنی کوالیتی خوێندن و جێبەجێکردنی بنەماکانی دڵنیایی جۆری و هاندانی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لە هەرێمی کورستان.

**برگەی یەکەم: پێشکەشکردن و وەرگرتن:**

١. قوتابی/ خوێندکار کە فۆرمی وەرگرتن پێشکەش دەکات مەرج نیە وەربگیرێت، چونکە وەرگرتن بەپێی چەند پێوەرێکی تایبەت و لەسەر بنەمای کێبرکێی کۆنمرە لەگەڵ قوتابیان/خوێندکارانی تردا دەبێت.
٢. وەرگرتن لە بەشەکان بە شێوازی سیستەمی ئۆنلاین دەبێت. بۆیە قوتابی/خوێندکار مافی وەرگرتنی هەیە تەنها لە یەك بەش لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان.
٣. قوتابی / خوێندکار لە کاتی پێشکەش کردنی پرۆسەی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان پێویستە بڕوانامە ئامادەییەکەی بە فەرمی ئاڕاستەی ئەو زانکۆ یان پەیمانگەیە کرابێت کە لێی وەرگیراوە.
٤. ناکرێت قوتابی/خوێندکار لە هەمان کاتدا لە زانکۆیەکی حکومی و زانکۆ یان پەیمانگەیەکی تایبەت بخوێنێت، ئەگەر لە هەردووکیان وەرگیرا بوو، ئەوا پێویستە لە ماوەی (١٠) ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی ناوەکان و خۆتۆمارکردنی بڕیاری خۆی بدات و داوای کێشانەوەی دۆسیە و سڕینەوەی ناو لە زانکۆ حکومیەکە یان لە زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکە بکات، بەپێچەوانەوە لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت.
٥. قوتابی/خوێندکار ئەگەر هاتوو لە یەکێک لە زانکۆ / پەیمانگەیەکی تایبەت ناوی گەڕاوە و بەشێوەیەکی فەرمی خۆی تۆمار کرد, دواتر بە ویستی خۆی بڕیاری دا دۆسیەکەی بکێشێتەوەو سڕینەوەی ناوی بۆ بکرێت , ئەوا پێویستە لە ماوەی (٧) ڕۆژ ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدات بە بێ ئەوەی هێچ بڕە پارەیەکی لە لایەن زانکۆ/پەیمانگە لێوەربگیرێت یاخود پێنەدانەوەی بڕوانامەی ڕەسەنی ئامادەیی، بە پێچەوانەوە دوای ماوەی دیاریکراو ئەگەر هاتوو قوتابی/ خوێندکار داوای کشانەوەی دۆسیەی کرد، پێویستە قوتابی/ خوێندکار بەشێک لە کرێ ی خوێندنی ساڵەکە بدات بەم شێوەیە. (لە سیستەمی کۆرسات بۆ یەک سیمستەر وە بۆ سیستەمی ساڵانە بۆ یەک وەرز ڕێژەیەک لە کرێ ی خوێندنەکەی وەربگیرێت لە لایەن زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بە مەرجێک زیاتر نەبێت لە ٥٠٪ کۆی گشتی کرێ ی خوێندن ) ئەگەر هاتوو کورسی خوێندنەکە پڕ نەبۆوە بەڵام لە کاتی هەبوونی قوتابی/خوێندکاری یەدەگ ئەوا هیچ بڕە پارەیەکی لێوەرناگیرێت.
٦. پێویستە زانکۆ/پەیمانگە تایبەتەکان تەنها ناوی ئەو قوتابی/خویندکارانە لە سیستەمی وەرگرتن کۆمپلیت بکەن کە خۆیان سەردانی زانکۆ/ پەیمانگە تایبەتەکان دەکەن بە مەبەستی خۆ تۆمار کردن، بە پێچەوانەوە زانکۆ/ پەیمانگەکان خۆیان بەرپرسیار دەبن لە هەبوونی هەر هەڵەیەک و قەرەبووکردنەوەی قوتابی/خوێندکار.
٧. قوتابی/خوێندکار بۆی هەیە لە کاتی پێشکەشکردن (٣) هەڵبژاردە (إختيار) پڕبکاتەوە لە بەشەکانی زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان، هەڵبژاردەکان (إختيارات) بە پێی بڕیار و ئارەزووی قوتابی/ خوێندکار دەبێت. ئەمە پێوەرێکی گرنگ و سەرەکییە لە دیاریکردنی شوێنی وەرگرتن. پێویستە لەسەر قوتابی/خوێندکار ڕەچاوی مەرجە گشتی و تایبەتییەکانی وەرگرتن بکات و تەنها ئەو خوێندن و بەشە هەڵبژێرێت کە لەگەڵ ئارەزووی خۆی و لقی خوێندنی ئامادەییەکەی و کۆنمرەکەی دەگونجێت.
٨. قوتابی/خوێندکار دەتوانێت فۆرمی پێشکەشکردن پڕبکاتەوە زیاتر لە زانکۆ / پەیمانگەیەکی تایبەت بەمەبەستی وەرگرتن لەو بەشەی کەوا خۆی هەڵیدەبژێرێت .
٩. قوتابی/خوێندکار پاش دەرچوونی ناوی پێویستە لە ماوەی (٣) سێ ڕۆژ خۆی تۆمار بکات و گرێبەست واژوو بکات. بە پێچەوانەوە زانکۆ / پەیمانگە بۆی هەیە ناوی بسڕێتەوە، وە قوتابی/ خوێندکاری یەدەگ ئەوانەی پێوەری وەرگرتنیان بە پێی ڕیزبەندی کۆنمرە تێدایە بەدادپەروەری دەخرێنە شوێنیان دوای ئاگادارکردنەوەیان لە لایەن زانکۆ/پەیمانگە.

**برگەی دووەم: مەرجە گشتییەکانی وەرگرتن:**

مەرجە گشتییەکانی وەرگرتن پەیوەستە بەم خاڵانەی خوارەوە :

١. کەمترین کۆنمرەی پێشکەش کردن لە زانکۆ تایبەتەکان ٥٥٪ دەبێت.
٢. پێش پێشکەش کردنی داواکاری وەرگرتن لەلایەن قوتابیان/خوێندکاران، دەبێت ئاشنا بکرێن بە مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەتمان.
٣. دەرچووانی پۆلی (١٢) ئامادەیی بەشی زانستی بۆ پێشکەشکرنی داواکاری وەرگرتن لە کۆلێژ و بەشەکانی (کۆمەڵەی پزیشکی و ئەندازیاری و زانست) دەتوانن تەنها نمرەی وانە پەیوەندیدارەکان(فیزیا، کیمیا، بیرکاری، زیندەوەرزانی و ئینگلیزی) ئەژمار بکەن. ئەژمارکردنی وانەکانی (کوردی و عربی) ئارەزوومەندانە دەبێت، بەمەرجێك پێشکەشکار لە سەرجەم وانەکان دەرچووبێت.
٤. بۆ ئەمسالی خوێندن سیستەمی کرێدت پەیرەو دەکرێت لەسەرجەم بەشەکانی زانکۆ/ پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان جگە لە بەشە (پزیشکییەکان).
٥. قوتابیان/خوێندکارانی دەرچووی ئامادەییەکانی زانستی، وێژەیی، بازرگانی و پیشەییەکان کە سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانن یان حکومەتی عێراق فیدراڵ پێویستە بروانامەکانیان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکەیانەوە پەسەند کرابێت.
٦. دەرچووانی پەیمانگە پێنج ساڵییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە یان پەیمانگە دوو ساڵییەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە بەشە هاوشێوەکانی خۆیان وەردەگیرێن. دەرچووانی پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان (دوو ساڵە یان سێ ساڵە یان پێنج ساڵە) لە بەشە هاوشێوەکانیان وەردەگیرێن. هەروەها سەبارەت بە دەرچووانی ئامادەییەکانی پەرستاری کە سەر بە وەزارەتی تەندروستین لە بەشی هاوشێوە وەردەگیرێن.
٧. دەرچووانی ئامادەییەکانی دەرەوەی وولات پێویستە بروانامە ئامادەییەکەیان لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان یەکسان کرابێت.
٨. هەر قوتابی/خوێندکارێك دانیشتووی ڕەسەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بێت و تەنها پۆلی (١٢) ئامادەیی لە پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێم (واتە لە ناوەڕاست و باشووری عێراق) خوێندبێت و لەم شوێنەدا بروانامەکەی بەدەست هێنابێت، ناوی لە لیستی وەرگیراوان لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێم هەبوو ئەوا ناوەکەی دەخرێتە دەرەوە و مافی قەرەبوو کردنەوەی نابێت.
٩. وەرگرتنی کۆتایی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بەندە بە پێشکەشکردنی بروانامەی ڕەسەنی ئامادەیی یان پەیمانگە یان بڕیاری بەرابەرکردنی بروانامە لەلایەن قوتابی/خوێندکارەوە.
١٠. دانیشتوانی ڕەسەنی ناوەڕاست و باشووری عیراق کە بروانامەی ئامادەییەکەیان لە دەرەوەی وولات بەدەستیان هێناوە، پێویستە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان یەکسان بکرێت.
١١. ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی لەو بەشانەی کەوا مەرج و تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ خوێندن لەو بەشە, ئەگەر هاتوو لە پشکنین دەرنەچوو دەتوانرێت بەشی خوێندنەکەی بۆ بگۆڕدرێت .
١٢. سەرجەم دەرچووانی ئامادەیی بە دەرچووانی ساڵانی ڕابردوو هەژمار دەکرێت جگە لە دەرچووانی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢ - ٢٠٢٣).
١٣. سەبارەت بە وەرگرتنی قوتابیان/ خوێندکارانی قوتابخانە نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان کار بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١١٩٦١ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٧) دەکرێت.
١٤. لەکاتی کردنەوەی هەر بەشێکی نوێ پێویستە بە نوسراوی پاشکۆ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت کۆنمرەی وەرگرتن دیاری بکرێت هاوشێوەی کۆلێژ و بەشەکان لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان.
١٥. هەر کەسێك بروانامەی ساختە (مزور) پێشکەش بە زانکۆ / پەیمانگە بکات بۆ مەبەستی وەرگرتن، پاش ئاشکرابوونی لە هەر قۆناغێکی خوێندن بێت لە خوێندن دادەبڕێنرێت وە ئەگەر دەرچوو بێت بروانامەکەی لێ وەردەگیرێتەوە و بێ قەرەبووکردن خۆی توشی لێپچینەوەی یاسایی دەبێت. دواتر وێنەیەك لە بروانامە ساختەکەی دەدرێتە داواکاری گشتی. وەدەبێت زانکۆ / پەیمانگەی پەیوەندیدار بەدواداچوون لەسەر بابەتەکە بکات و گشتاندن بە بروانامە ساختەکەی بکات بۆ سەرجەم وەزارەت و دەزگا و دامەزراوە و سەندیکاکانی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەیان لەم بابەتە.
١٦. ئەوانەی بروانامەی ئامادەیی لقی زانستی و وێژەیی لە ناوەڕاست و باشوری عێراق و دەرەوەی عێراق بەدەست دێنن هەمان ماف و ئیمتیازاتی دەرچوانی هەرێمی کوردستانیان دەبێت بۆ وەرگرتن لە زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان بە ڕەچاوکردنی خاڵی(٨).
١٧. ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی دەرەوەی وولات کە داواکاری وەرگرتن پێشکەش بەو بەشانە دەکەن کە وانەی مفاضلەیان هەیە, پێویستە لەگەڵ پێشکەشکردنی نمرەی ئەو وانانە لە وەزارەتی پەروەردە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان دیاری بکەن.

١٨. دوای (٧) رۆژ لە ڕاگەیاندنی ناوی وەرگیراوان لە زانكۆ حكومییەكان، وەزارەت ناوی وەرگیراوانی زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان ڕادەگەیەنێت بە پێ ی پلانی پەسەندكراوی وەزارەتمان. ئەگەر هاتوو قوتابی / خوێندكار وەرنەگیرابوو لە یەكێك لە زانكۆ حكومییەكان یان ئارەزووی كرد درێژە بە خوێندن بدات لە یەكێك لە زانكۆ / پەیمانگە تایبەتەكان مافی ئەوەی هەبێت فۆرمی وەرگرتن پێشكەش بكات.

١٩. هەر هەڵەیەك لە ڕیزبەندی لیستی وەرگیراوانی زانكۆ / پەیمانگە تایبەتەكان هەبێت یان هەر كەسێك بە نادادپەروەری لە لیستی وەرگیراوان دانرابێت ئەوا ناوی لە لیستی وەرگیراوان دەخرێتە دەرەوە و یەكێك لە قوتابی/خوێندكارە یەدەگەكان بەپێی زنجیرەی شایستەبوونی كۆنمرەی دەخرێتە شوێنی دوای ڕەزامەندی وەزارەت.

٢٠. دەرچـــووانی ئامـــادەیی و پەیمانگـــە پیشـــەییەكانی دەرەوەی وولات ،كەوا بڕوانامـــەكانیان لـــە وەزارەتی پـــەروەردە / بەرێـــوەبەرایەتی گشـــتی ئەزموونەكـــان یەكســـان كـــراوە، دەتـــوانن فـــۆرمی وەرگـــرتن لە یەكێـــك لە زانكـــۆ / پەیمـــانگە تایبەتەكـــان پـــڕبكەنەوە بەمەبەســـتی وەرگرتنیـــان لە بەشـــە هاوشـــێوەكانیان. بەڵام ئەگەر پســـپۆڕی بڕوانـــامەكەی ڕوون نەبـــوو، پێویســـتە لە كـــاتی یەكســـانكردنی بڕوانـــامەكەدا لەلایەن وەزارەتی پەروەردە/ بەرێـــوەبەرایەتی گشـــتی ئەزمونەكـــان پسپۆڕییەكەی دیاری بكرێت.

٢١. ئـەو قوتـابی/ خوێندكارانـەی لە زانكـۆ و پەیمانگـە تایبەتـەكان وەردەگـیرێن، پێویسـتە بـە تـەواوی خۆیـان بـۆ خوێنـدن تـەرخان بكـەن و پابەنـدی دەوام بـن و ئەگـەر قوتـابی/ خوێنـدكار فەرمانبـەر بـوو ئـەوا پێویسـتە مۆڵـەتی خوێنـدن بـەپێی یاســا و ڕێنماییــە بــەركارەكان وەربگرێــت. وە ئەگەر قوتابی/خوینــدكار لە كــاتی خوێندنــدا دامەزرا ئەوا پێویســـتە خوێندنەكەی دوابخات تاوەكو مەرجەكانی وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن لێ بەدی دێت .

**برگەی سێیەم: مەرجی خوێندن لە زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان:**

١. خوێنـــدن لە ســـەرجەم بەشـــەكانی زانكۆكـــان و كـــۆلیژە زانكۆییەكـــان و پەیمانگەكـــان بەپاییـــان دەبێـــت بە هەمـــوو بەشـــە زانستیەكان و زانستە مرۆییەكان.

٢. ڕێژەی قوتابی/ خوێندكار بۆ هەر مامۆستایەك لە بەشە زانستییەكان و زانستە مرۆییەكان بەپێ ی ڕێنمایی ژمارەی (٣)ی ساڵی (٢٠١٦) دەبێت.

٣. پەســـەندكردنی پـــلانی وەرگـــرتن لە زانكـــۆ / پەیمـــانگە تایبەتەكـــان بەنـــدە بە جێبەجێكـــردنی گشـــت پێـــوەر و ڕێنماییەكانی دڵنیایی جۆری.

٤. پێشكەشكار لە زانكۆ / پەیمانگە تایبەتەكانی هەرێمی كوردستان بە قوتابی/خوێندكاری وەرگیراو هەژمار ناكرێت, تاكو فەرمانی وەرگرتنی كۆتایی لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وە دواتر فەرمانی زانكۆیی / فەرمانی كارگێری وەرگرتن لە لایەن زانكۆ / پەیمانگەكەیەوە بۆ دەرنەچێت .

٥. دوای وەرگـــرتنی قوتابی/خوێنـــدكار لـــە زانكـــۆ و پەیمانگـــە تایبەتـــەكانی هـــەرێمی كوردســـتان پێویســـتە لـــە مـــاوەی (١٥) ڕۆژ بڕوانامەی ڕەسەن پێشكەش بكات.

٦. ماوەی خوێندن لە زانكۆ تایبەتەكان (٤) چوار ساڵە، دەرچووان بڕوانامەی زانكۆیی بەرایی (بەكالۆریۆس) لە بواری پسپۆڕییەكانیان پێ دەبەخشرێت. وە ڕەچاوكردنی ماوەی خوێندن لە پسپۆڕییەكانی پزیشكی، ئەندازیاری و یاسا، هەروەها ڕەچاوكردنی ئەو زانكۆیانەی كە پەیرەوی سیستەمی (Credit) یان بۆلۆنیا پرۆسێس دەكەن.

٧. مـــــاوەی خوێنـــــدن لە پەیمـــــانگە تایبەتەكـــــان (٢) ســـــاڵە، دەرچـــــووان بڕوانـــــامەی (دبلـــــۆم) لە بـــــواری پسپۆڕییەكانیان پێیان دەبەخشرێت.

**برگەی چوارەم: کەمترین کۆنمرەی پێشکەشکردن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بۆ پۆلی دوانزەی ئامادەیی (زانستی و وێژەیی)**

| کۆلێژ/ پەیمانگە | خوێندنی بەش | کەمترین کۆنمرەی پێشکەشکردن | لق |
|---|---|---|---|
| پزیشکی | پزیشکی ددان | ٩٠ | زانستی |
| پزیشکی | دەرمانسازی | ٨٤ | زانستی |
| پزیشکی | پەرستاری | ٧٥ | زانستی |
| ئەندازیاری | تەلارسازی (بیناسازی) | ٨٠ | زانستی |
| ئەندازیاری | شارستانی | ٨٠ | زانستی |
| ئەندازیاری | نەوت و کانزا | ٧٧ | زانستی |
| ئەندازیاری | کۆمپیوتەر و گەیاندن ( کۆمپیوتەر و پەیوەندیەکان) | ٧٥ | زانستی |
| ئەندازیاری | کارەبا ( ووزە و بەرهەمهێنان) | ٧٥ | زانستی |
| ئەندازیاری | میکاترونیک | ٧٥ | زانستی |
| ئەندازیاری | میکانیک | ٧٥ | زانستی |
| ئەندازیاری | پیشەسازی | ٧٥ | زانستی |
| ئەندازیاری | دیزاینی ناوخۆ | ٧٥ | زانستی |
| ئەندازیاری | سیستەمی کۆنترۆل کردن | ٧٥ | زانستی |
| ئەندازیاری | پرۆگرامسازی (نێت ۆرك) | ٧٥ | زانستی |
| ئەندازیاری | زیرەکی دەستکرد | ٧٥ | زانستی |
| ئەندازیاری | رووپێووی و هێلکاری | ٧٥ | زانستی |
| ئەندازیاری | فرۆکەوانی | ٧٥ | زانستی |
| ئەندازیاری | ژینگە | ٧٠ | زانستی |
| زانست | شیکاری نەخۆشیەکان | ٦٢ | زانستی |
| زانست | شیکاری کیمیایی پزیشکی | ٦٢ | زانستی |
| زانست | بایۆلۆجی پزیشکی | ٦٢ | زانستی |
| زانست | تاقیگەی پزیشکی | ٦٢ | زانستی |
| زانست | چارەسەری پزیشکی | ٦٢ | زانستی |
| زانست | وێنەی پزیشکی | ٦٢ | زانستی |
| زانست | زانستی سڕکردن | ٦٢ | زانستی |
| زانست | زانستی چاو | ٦٢ | زانستی |
| زانست | نیوتریشن | ٥٧ | زانستی |
| زانست | تەندروستی کۆمەڵ | ٥٧ | زانستی |
| زانست | چارەسەری سروشتی | ٥٧ | زانستی |
| زانست | زانستی کۆمپیوتەر ( تەکنەلۆجیای زانیاری و تۆرەکانی کۆمپیوتەر و سکیورتی). | ٦٠ | زانستی |
| زانست | سیستەمی زانیاری | ٦٠ | زانستی |
| زانست | تەکنەلۆجیای تاقیگەی پزیشکی | ٦٢ | زانستی |
| زانست | بایۆلۆجی (بایۆلۆجی گشتی) | ٦٢ | زانستی |
| زانست | ژینگە | ٦٠ | زانستی |
| زانست | ماتماتیك | ٦٠ | زانستی |
| زانست | فیزیا | ٦٠ | زانستی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| زانست | فیزیای پزیشکی | ٦٢ | زانستی |
| زانست | ژمێریاری بە تەکنەلۆجیای زانیاری | ٦٠ | زانستی |
| تەکنیکی تەندروستی و ددان | تەکنیکی ددان | ٧٠ | زانستی |
| تەکنەلۆژیای تەندروستی | پەرستاری تەندروستی کۆمەڵ | ٥٧ | زانستی |
| تەکنەلۆژیای تەندروستی | چارەسەری سروشتی | ٥٧ | زانستی |
| تەکنەلۆژیای تەندروستی | نیوتریشن | ٥٧ | زانستی |
| تەکنەلۆژیای تەندروستی | شیکاری کیمیایی پزیشکی | ٥٧ | زانستی |
| تەکنەلۆژیای تەندروستی | تەکنیکی وێنەگرتنی تیشکی | ٥٧ | زانستی |
| پەروەردە و زمان | کوردناسی | ٥٧ | زانستی + وێژەیی |
| پەروەردە و زمان | زمانی کوردی | ٦٠ | زانستی + وێژەیی |
| پەروەردە و زمان | زمانی عەرەبی | ٦٠ | زانستی + وێژەیی |
| پەروەردە و زمان | زمانی ئینگلیزی (زمان و ئەدەبی ئینگلیزی) | ٦٠ | زانستی + وێژەیی |
| پەروەردە و زمان | زمانی فەرەنسی | ٥٥ | زانستی + وێژەیی |
| پەروەردە و زمان | پەروەردەی گشتی | ٥٥ | زانستی + وێژەیی |
| پەروەردە و زمان | پەروەردەی تایبەت | ٥٥ | زانستی + وێژەیی |
| پەروەردە و زمان | وەرگێران | ٥٨ | زانستی + وێژەیی |
| پەروەردە و زمان | باخچەی ساوایان | ٥٥ | زانستی + وێژەیی |
| پەروەردە و زمان | پەروەردەی کۆمپیوتەر | ٥٨ | زانستی |
| پەروەردە و زمان | فیزیا | ٦٠ | زانستی |
| پەروەردە و زمان | بایۆلۆجی (پەروەردەی زیندەوەرزانی) | ٦٢ | زانستی |
| پەروەردە و زمان | کیمیا | ٥٧ | زانستی |
| پەروەردە و زمان | بیرکاری | ٥٥ | زانستی |
| پەروەردە و زمان | کۆمەڵناسی | ٥٥ | زانستی + وێژەیی |
| پەروەردە و زمان | شوێنەوار | ٥٥ | زانستی + وێژەیی |
| پەروەردە و زمان | پەروەردەی هونەری شێوەکاری | ٥٥ | زانستی + وێژەیی |
| پەروەردە و زمان | پەروەردەی وەرزش | ٥٥ | زانستی + وێژەیی |
| پەروەردە و زمان | پەروەردەی ئیسلامی | ٥٥ | زانستی + وێژەیی |
| پەروەردە و زمان | بەراووردە ئاینییەکان | ٥٥ | زانستی + وێژەیی |
| کارگێری و ئابووری | ژمێریاری (ژمێریاری و دارایی) | ٥٥ | زانستی |
| کارگێری و ئابووری | کارگێری کار | ٥٥ | زانستی + وێژەیی |
| کارگێری و ئابووری | ئابوری | ٥٥ | زانستی + وێژەیی |
| کارگێری و ئابووری | دارایی وبانك (زانستە دارایی و بانکیەکان) | ٥٥ | زانستی |
| کارگێری و ئابووری | (بە بازارکردن) و (بازارگەری و بازرگانی ئەلیکترۆنی) | ٥٥ | زانستی + وێژەیی |
| کارگێری و ئابووری | کارگێری گشتی | ٥٥ | زانستی + وێژەیی |
| کارگێری و ئابووری | کارگێری تەندروستی | ٥٥ | زانستی + وێژەیی |
| کارگێری و ئابووری | کارگێری گەشت وگوزار ( گەشتیاری) | ٥٥ | زانستی + وێژەیی |
| کارگێری و ئابووری | کارگێری سیستەمی زانیاری (کارگێری تەکنەلۆجی) | ٥٥ | زانستی |
| کارگێری و ئابووری | کارگێری یاسا | ٥٥ | زانستی + وێژەیی |
| یاسا و رامیاری | یاسا | ٦٥ | زانستی + وێژەیی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| یاسا و رامیاری | پەیوەندیە نێودەوڵەتی ودبلۆماسیەکان | ٦٠ | زانستی + وێژەیی |
| یاسا و رامیاری | پەیوەندیە گشتیەکان | ٦٠ | زانستی + وێژەیی |
| یاسا و رامیاری | زانستە رامیاریەکان | ٦٠ | زانستی + وێژەیی |
| یاسا و رامیاری | رامیاری گشتی | ٦٠ | زانستی + وێژەیی |
| یاسا و رامیاری | لێکۆڵینەوەی رۆژهەلاتی | ٥٧ | زانستی + وێژەیی |
| ئاداب و هونەر | راگەیاندن | ٥٨ | زانستی + وێژەیی |
| ئاداب و هونەر | دیزاینی ناوەخۆ (گرافیك و دیزاینی مەلتیمیدیا) | ٦٠ | زانستی |
| سەرچاوە مرۆییەکان | سەرچاوە مرۆییەکان | ٥٥ | زانستی + ویژەیی |
| پەیمانگە | دروستکردنی ددان | ٦٠ | زانستی |
| پەیمانگە | پەرستاری ددان | ٦٠ | زانستی |
| پەیمانگە | دەرمانسازی | ٦٠ | زانستی |
| پەیمانگە | شیکاری نەخۆشیەکان | ٥٨ | زانستی |
| پەیمانگە | پەرستاری (پەرستیاری و فریاکەوتن) | ٥٧ | زانستی |
| پەیمانگە | سڕکردن | ٥٨ | زانستی |
| پەیمانگە | کارگێری کار | ٥٠ | زانستی + وێژەیی |
| پەیمانگە | کارگێری تەندروستی | ٥٠ | زانستی + وێژەیی |
| پەیمانگە | کارگێری یاسا | ٥٠ | زانستی + وێژەیی |
| پەیمانگە | کارگێری بانکەکان | ٥٠ | زانستی + وێژەیی |
| پەیمانگە | کارگێری نەوت و گاز | ٥٠ | زانستی + وێژەیی |
| پەیمانگە | کارگێری گەشت وگوزار(گەشتیاری) | ٥٠ | زانستی + وێژەیی |
| پەیمانگە | کارگێری تەکنەلۆجیای زانیاری | ٥٠ | زانستی |
| پەیمانگە | کارگێری تەندروستی بە سیستەمی زانیاری | ٥٠ | زانستی + وێژەیی |
| پەیمانگە | ژمێریاری | ٥٠ | زانستی |
| پەیمانگە | رێبەری گەشتیاری گەشت و گوزار( زانستی گەشت و گوزار) | ٥٠ | زانستی + وێژەیی |
| پەیمانگە | رێنمایی کشتوکاڵ | ٥٠ | زانستی |
| پەیمانگە | بەشی ئینگلیزی (زمان و ئەدەبی ئینگلیزی) | ٥٠ | زانستی + وێژەیی |
| پەیمانگە | راگەیاندن (دیجیتاڵ میدیا) | ٥٠ | زانستی + وێژەیی |
| پەیمانگە | تەکنەلۆجیای زانیاری (زانستی کۆمپیوتەر) | ٥٠ | زانستی |
| پەیمانگە | نێتۆرك (سیستەمی کۆمپیوتەر) | ٥٠ | زانستی |
| پەیمانگە | ئەندازیاری دیکۆر | ٥٠ | زانستی |
| پەیمانگە | پالاوتنی نەوت (نەوت) | ٥٠ | زانستی |
| پەیمانگە | تەکنیکی هەڵکەندنی بیری نەوت | ٥٠ | زانستی |
| پەیمانگە | تەکنەلۆجیای نەوت | ٥٠ | زانستی |
| پەیمانگە | رووپێوی | ٥٠ | زانستی |

- بۆ وەرگرتن لە بەشی پەروەردەی وەرزش پێویستە تەمەنی پێشکەشکار لە (٤٠) چل ساڵ زیاتر نەبێت.

**خشتەی نمرەی وانە پەیوەندیدارەکان (کرێدت)**

| کۆلێژ/ پەیمانگە | بەشی خوێندن | زانستی ١<br>وێژەیی ٢<br>زانستی + وێژەیی ٣ | K | A | E | M | B-H | C-G | P-E |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەندازیاری | تەلارسازی (بیناسازی) | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ |
| ئەندازیاری | شارستانی | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ |
| ئەندازیاری | نەوت و کانزا | ١ | | | ٦ | ٨ | | ٨ | ٨ |
| ئەندازیاری | کۆمپیوتەر و گەیاندن (کۆمپیوتەرو پەیوەندیەکان) | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ |
| ئەندازیاری | کارەبا ( ووزە و بەرهەمهێنان) | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ |
| ئەندازیاری | مێکاترونیک | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ |
| ئەندازیاری | میکانیك | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ |
| ئەندازیاری | دیزاینی ناوخۆ | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ |
| ئەندازیاری | سیستەمی کۆنترۆل کردن | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ |
| ئەندازیاری | پرۆگرامسازی (نێت ۆرك) | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ |
| ئەندازیاری | پیشەسازی | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ |
| ئەندازیاری | زیرەکی دەستکرد | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ |
| ئەندازیاری | فرۆکەوانی | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ |
| ئەندازیاری | رووپێووی و هێلکاری | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ |
| ئەندازیاری | ژینگە | ١ | | | ٥ | | ١٠ | ١٠ | ٥ |
| زانست | زانستی کۆمپیوتەر ( تەکنەلۆجیای زانیاری و تۆڕەکانی کۆمپیوتەر و سکیورتی). | ١ | | | ٥ | ٢٠ | | | ٥ |
| زانست | سیستەمی زانیاری | ١ | | | ٥ | ٢٠ | | | ٥ |
| زانست | زانستی تاقیگەی پزیشکی | ١ | | | ٥ | ٢٠ | | | ٥ |
| زانست | بایۆلۆجی (بایۆلۆجی گشتی) | ١ | | | ٥ | | ١٥ | ١٠ | |
| زانست | زانستی سرکردن | ١ | | | ٥ | | ١٥ | ١٠ | |
| زانست | زانستی چاو | ١ | | | ٥ | | ١٥ | ١٠ | |
| زانست | ژینگە | ١ | | | ٥ | | ١٠ | ١٠ | ٥ |
| زانست | ماتماتیك | ١ | | | ٥ | ٢٠ | | | ٥ |
| زانست | فیزیا | ١ | | | ٥ | ١٠ | | | ١٥ |
| پەروەردە و زمان | کوردناسی | ١ | ٢٠ | ٥ | ٥ | | | | |
| پەروەردە و زمان | کوردناسی | ٢ | ١٥ | | ٥ | | ١٠ | | |
| پەروەردە و زمان | زمانی کوردی | ٣ | ٢٠ | ٥ | ٥ | | | | |
| پەروەردە و زمان | زمانی عەرەبی | ٣ | ٥ | ٢٠ | ٥ | | | | |
| پەروەردە و زمان | زمانی ئینگلیزی (زمان و ئەدەبی ئینگلیزی) | ٣ | ٥ | ٥ | ٢٠ | | | | |
| پەروەردە و زمان | زمانی فەرەنسی | ٣ | ١٠ | ٥ | ١٥ | | | | |
| پەروەردە و زمان | پەروەردەی گشتی | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پەروەردە و زمان | پەروەردەی تایبەت | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | |
| پەروەردە و زمان | وەرگێران | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | |
| پەروەردە و زمان | باخچەی ساوایان | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | |
| پەروەردە و زمان | فیزیا | ١ | | | ٥ | ١٠ | | | ١٥ |
| پەروەردە و زمان | بایۆلۆجی(پەروەردەی زیندەوەرزانی) | ١ | | | ٥ | | ١٥ | ١٠ | |
| پەروەردە و زمان | كیمیا | ١ | | | ٥ | ٥ | | ٢٠ | |
| پەروەردە و زمان | بیركاری | ١ | | | ٥ | ٢٠ | | | ٥ |
| پەروەردە و زمان | كۆمەڵناسی | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | |
| پەروەردە و زمان | شوێنەوار | ٣ | ٥ | | ٥ | | ١٠ | ١٠ | |
| پەروەردە و زمان | پەروەردەی كۆمپیوتەر | ١ | | | ٥ | ٢٠ | | | ٥ |
| كارگێڕی و ئابووری | ژمێریاری (ژمێریاری و دارایی) | ١ | | ٥ | ٥ | ٢٠ | | | |
| كارگێڕی و ئابووری | كارگێڕی كار | ١ | ٥ | ١٠ | ٥ | ١٠ | | | |
| كارگێڕی و ئابووری | كارگێڕی كار | ٢ | | ١٠ | ٥ | ٥ | | | ١٠ |
| كارگێڕی و ئابووری | ئابوری | ١ | | ٥ | ٥ | ٢٠ | | | |
| كارگێڕی و ئابووری | ئابوری | ٢ | | | ٥ | ١٠ | | | ١٥ |
| كارگێڕی و ئابووری | دارایی وبانك (زانستە دارایی و بانكیەكان) | ١ | | ٥ | ٥ | ٢٠ | | | |
| كارگێڕی و ئابووری | بە بازاركردن (بازارگەری و بازرگانی ئەلیكترۆنی) | | ٥ | ١٠ | ٥ | ١٠ | | | |
| كارگێڕی و ئابووری | بە بازاركردن (بازارگەری و بازرگانی ئەلیكترۆنی) | ٢ | | ١٠ | ٥ | ٥ | | | ١٠ |
| كارگێڕی و ئابووری | كارگێڕی گشتی | ١ | ٥ | ١٠ | ٥ | ١٠ | | | |
| كارگێڕی و ئابووری | كارگێڕی گشتی | ٢ | | ١٠ | ٥ | ٥ | | | ١٠ |
| كارگێڕی و ئابووری | كارگێڕی تەندروستی | ١ | ٥ | ١٠ | ٥ | ١٠ | | | |
| كارگێڕی و ئابووری | كارگێڕی تەندروستی | ٢ | | ١٠ | ٥ | ٥ | | | ١٠ |
| كارگێڕی و ئابووری | كارگێڕی گەشت وگوزار(گەشتیاری) | ٣ | ٥ | | ٥ | | ١٠ | ١٠ | |
| كارگێڕی و ئابووری | كارگێڕی سیستەمی زانیاری (كارگێڕی تەكنەلۆجی) | ١ | | | ١٠ | ١٥ | | | ٥ |
| كارگێڕی و ئابووری | كارگێڕی یاسا | ١ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | |
| كارگێڕی و ئابووری | كارگێڕی یاسا | ٢ | ٥ | ١٠ | ٥ | | ١٠ | | |
| یاسا و رامیاری | یاسا | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | |
| یاسا و رامیاری | پەیوەندیە نێودەوڵەتی ودبلۆماسیەكان | ١ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | |
| یاسا و رامیاری | پەیوەندیە نێودەوڵەتی ودبلۆماسیەكان | ٢ | ٥ | ١٠ | ٥ | | ١٠ | | |
| یاسا و رامیاری | پەیوەندیە گشتیەكان | ١ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | |
| یاسا و رامیاری | پەیوەندیە گشتیەكان | ٢ | ٥ | ١٠ | ٥ | | ١٠ | | |
| یاسا و رامیاری | زانستە رامیاریەكان | ١ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | |
| یاسا و رامیاری | زانستە رامیاریەكان | ٢ | ٥ | ١٠ | ٥ | | ١٠ | | |
| یاسا و رامیاری | رامیاری گشتی | ١ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | |
| یاسا و رامیاری | رامیاری گشتی | ٢ | ٥ | ١٠ | ٥ | | ١٠ | | |
| یاسا و رامیاری | لێكۆڵینەوەی رۆژهەڵاتی | ١ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | |
| یاسا و رامیاری | لێكۆڵینەوەی رۆژهەڵاتی | ٢ | ٥ | ١٠ | ٥ | | ١٠ | | |
| ئاداب و هونەر | راگەیاندن | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاداب و هونەر | دیزاینی ناوەخۆ (گرافیك و دیزاینی مەلتیمیدیا) | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ |
| سەرچاوە مرۆییەکان | سەرچاوە مرۆییەکان | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | |
| پەیمانگە | کارگێری کار | ١ | ٥ | ١٠ | ٥ | ٥ | | | |
| پەیمانگە | کارگێری کار | ٢ | | ١٠ | ٥ | ٥ | | | ١٠ |
| پەیمانگە | کارگێری یاسا | ١ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | |
| پەیمانگە | کارگێری یاسا | ٢ | ٥ | ١٠ | ٥ | | ١٠ | | |
| پەیمانگە | کارگێری بانکەکان | ١ | ٥ | ١٠ | ٥ | ١٠ | | | |
| پەیمانگە | کارگێری بانکەکان | ٢ | | ١٠ | ٥ | ٥ | | | ١٠ |
| پەیمانگە | کارگێری نەوت و گاز | ١ | ٥ | ١٠ | ٥ | ١٠ | | | |
| پەیمانگە | کارگێری نەوت و گاز | ٢ | | ١٠ | ٥ | ٥ | | | ١٠ |
| پەیمانگە | کارگێری گەشت وگوزار(گەشتیاری) | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | |
| پەیمانگە | کارگێری تەکنەلۆجیای زانیاری | ١ | | | ١٠ | ١٥ | | | ٥ |
| پەیمانگە | کارگێری سیستەمی زانیاری تەندروست | ١ | ٥ | ١٠ | ٥ | ١٠ | | | |
| پەیمانگە | کارگێری سیستەمی زانیاری تەندروست | ٢ | | ١٠ | ٥ | ٥ | | | ١٠ |
| پەیمانگە | ژمێریاری | ١ | | ٥ | ٥ | ٢٠ | | | |
| پەیمانگە | ڕێبەری گەشتیاری گەشت و گوزار(زانستی گەشت و گوزار) | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | |
| پەیمانگە | ڕێنمایی کشتوکاڵ | ١ | | | ٥ | | ١٥ | ٥ | ٥ |
| پەیمانگە | بەشی ئینگلیزی (زمان و ئەدەبی ئینگلیزی) | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | |
| پەیمانگە | راگەیاندن (دیجیتال میدیا) | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | |
| پەیمانگە | تەکنەلۆجیای زانیاری (زانستی کۆمپیوتەر) | ١ | | | ١٠ | ١٥ | | | ٥ |
| پەیمانگە | نێتۆرك (سیستەمی کۆمپیوتەر) | ١ | | | ١٠ | ١٥ | | | ٥ |
| پەیمانگە | ئەندازیاری دیکۆر | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ |
| پەیمانگە | پالاوتنی نەوت (نەوت) | ١ | | | ١٠ | | | ١٥ | ٥ |
| پەیمانگە | تەکنیکی هەڵکەندنی بیری نەوت | ١ | | ٥ | ٥ | ٥ | | | ١٥ |
| پەیمانگە | تەکنەلۆجیای نەوت | ١ | | | ١٠ | | | ٥ | ١٥ |
| پەیمانگە | رووپێوی | ١ | | ٥ | ٥ | ١٠ | | | ١٠ |

## برگەی پێنجەم: مەرجە تایبەتییەکانی وەرگرتن بۆ دەرچووانی لقە پیشەییەکان

| ژمارە | خوێندنی بەش | کەمترین کۆنمرەی پێشکەشکردن لە زانکۆ | کەمترین کۆنمرەی پێشکەشکردن لە پەیمانگە | لق |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەندازیاری تەلارسازی | ٩٠ | - | ئامادەیی پیشەسازی – بەشی وێنەی ئەندازەیی |
| ٢ | ئەندازیاری شارستانی | ٩٠ | - | ئامادەیی پیشەسازی – بەشی وێنەی ئەندازەیی |
| ٣ | ئەندازیاری دیزاینی ناوخۆ | ٩٠ | - | ئامادەیی پیشەسازی – بەشی وێنەی ئەندازەیی |
| ٤ | ئەندازیاری کارەبا | ٨٥ | - | ئامادەیی پیشەسازی – بەشی کارەبا |
| ٥ | ئەندازیاری کۆمپیوتەر و گەیاندن(کۆمپیوتەر و پەیوەندیەکان) | ٨٥ | - | ئامادەیی پیشەیی – بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری – بەشی چاککردنەوەی کۆمپیوتەر |
| ٦ | ئەندازیاری میکانیک | ٩٠ | - | ئامادەیی پیشەسازی – بەشی میکانیک+ بەشی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل |
| ٧ | دیزایینی ناوخۆ | - | ٥٥ | ئامادەیی پیشەسازی – بەشی وێنەی ئەندازەیی |
| ٨ | پەرستاری | ٨٠ | ٦٠ | ئامادەیی پەرستاری- بەشی پەرستاری |
| ٩ | تەکنەلۆجیای زانیاری ، سیستەمی زانیاری و زانستی کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی کۆمپیوتەرو سکیورتی | ٧٠ | ٥٥ | ئامادەیی پیشەیی – بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری – بەشی چاککردنەوەی کۆمپیوتەر |
| ١٠ | ژمێریاری (ژمێریاری و دارایی) | ٦٠ | ٥٥ | ئامادەیی بازرگانی |
| ١١ | کارگێڕی کار | ٦٠ | ٥٥ | ئامادەیی بازرگانی |
| ١٢ | کارگێڕی یاسا | - | ٥٥ | ئامادەیی بازرگانی |
| ١٣ | کارگێڕی بانکیەکان | ٦٠ | ٥٥ | ئامادەیی بازرگانی |
| ١٤ | دارایی وبانک (زانستە دارایی و بانکیەکان) بەبازارکردن | ٦٠ | ٥٥ | ئامادەیی بازرگانی |
| ١٥ | پەروەردەی ئیسلامی | ٦٠ | - | ئامادەیی خوێندنی ئیسلامی + خوێندنگەی ئاینییەکان |
| ١٦ | بەراووردی ئایینەکان | ٦٠ | - | ئامادەیی خوێندنی ئیسلامی + خوێندنگەی ئاینییەکان |
| ١٧ | ڕێنمایی کشتوکاڵ | ٦٠ | ٥٥ | ئامادەیی کشتوکاڵ |
| ١٨ | گەشت و گوزار(کارگێری گەشت و گوزار، گەشتیاری، ڕیبەری گەشتیاری گەشت و گوزار، زانستی گەشت و گوزار) | ٦٠ | ٥٥ | ئامادەیی گەشت و گوزار |
| ١٩ | تەکنیکی هەڵکەندنی بیری نەوت | - | ٥٥ | ئامادەیی پیشەسازی - بەشی میکانیك+کانزا |
| ٢٠ | تەکنەلۆژیای نەوت | - | ٥٥ | ئامادەیی پیشەسازی – بەشی میکانیک |

**برگەی شەشەم: مەرجە تایبەتییەکانی وەرگرتن بۆ دەرچووانی پەیمانگە پێنج ساڵییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم:**

| ژمارە | خوێندنی بەش | کەمترین کۆنمرەی پێشکەشکردن لە زانکۆ | لق |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەندازیاری نەوت و کانزاکان | ٩٠ | بەشی تەکنیکی نەوت |
| ٢ | ئەندازیاری کۆمپیوتەر وگەیاندن و ئەندازیاری کۆمپیوتەر و پەیوەندیەکان | ٩٠ | بەشەکانی (Network – Programming- Web design) |
| ٣ | تەکنەلۆجیای زانیاری و سیستەمی زانیاری + زانستی کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی کۆمپیوتەر و سکیورتی | ٦٠ | بەشەکانی(Network – Programming- Web design) |
| ٤ | ڕاگەیاندن | ٦٠ | بەشەکانی(Network – Programming- Web design) |
| ٥ | کارگێڕی گشتی | ٦٠ | بەشەکانی(Network – Programming- Web design) |
| ٦ | کارگێڕی کار | ٦٠ | کارگێڕی کار + بەشەکانی(Network – Programming- Web design) |
| ٧ | زمانی ئینگلیزی و وەرگێڕان (زمان و ئەدەبی ئینگلیزی) | ٦٠ | بەشی زمانی ئینگلیزی |
| ٨ | ژمێریاری و کارگێڕی ، ژمێریاری و دارایی | ٦٠ | بەشی ژمێریاری و کارگێڕی |
| ٩ | پەروەردەی ئیسلامی و بەراووردی ئایینەکان | ٦٠ | دەرچووی پەیمانگەی ئەزهەر بێت بە مەرجێک تەمەنی لە (٣٠) ساڵ زیاتر نەبێت. |
| ١٠ | وەرزش | ٦٠ | بەشی وەرزش |
| ١١ | هونەری شێوەکاری و دیزایینی ناوخۆ | ٦٠ | بەشی هونەری شێوەکاری لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان. |

**برگەی حەوتەم: مەرجی کۆنمرەی پێشکەشکردن بۆ دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکییەکان:**

| ژمارە | خوێندنی بەش | کەمترین کۆنمرەی پێشکەشکردن لە زانکۆ | لق |
|---|---|---|---|
| ١ | پزیشکی ددان | ٩٠ | دەرچووی دووەم لەسەر ئاستی پارێزگا لە بەشی تەکنیکی ددان/پەیمانگە حکومییەکان |
| ٢ | دەرمانسازی | ٨٠ | دەرچووی دووەم لەسەر ئاستی پارێزگا لە بەشی دەرمانسازی/پەیمانگە حکومییەکان |
| ٣ | پەرستاری | ٧٢ | بەشی پەرستاری |
| ٤ | شیکاری نەخۆشیەکان | ٦٢ | بەشی شیکاری نەخۆشیەکان |
| ٥ | بایۆلۆجی پزیشکی | ٦٢ | بەشی شیکاری نەخۆشیەکان |
| ٦ | تاقیگەی پزیشکی | ٦٢ | بەشی شیکاری نەخۆشیەکان |
| ٧ | وێنەی پزیشکی | ٦٢ | بەشی تیشک |
| ٨ | چارەسەری سروشتی | ٦٢ | بەشی چارەسەری سروشتی |
| ٩ | نیوتریشن | ٦٢ | بەشی نیوتریشن |
| ١٠ | تەندروستی کۆمەڵ | ٦٢ | تەندروستی کۆمەڵ |
| ١١ | زانستی سڕکردن | ٦٢ | بەشی سڕکردن |
| ١٢ | ئەندازیاری شارستانی | ٨٠ | بەشی بیناکاری |
| ١٣ | ئەندازیاری کارەبا | ٧٢ | بەشی کارەبا |
| ١٤ | ئەندازیاری کۆمپیوتەر و گەیاندن (کۆمپیوتەر و پەیوەندیەکان) | ٧٢ | بەشەکانی کۆمپیوتەر – گەیاندن – تەکنەلۆجیای زانیاری-کارەبا بەشی ئەلکترۆنی |
| ١٥ | ئەندازیاری میکانیک | ٧٢ | بەشی میکانیک |
| ١٦ | ئەندازیاری نەوت و کانزا | ٧٨ | بەشی تەکنەلۆجیای نەوت |
| ١٧ | ئەندازیاری هێلکاری و روپێوی | ٧٨ | بەشی رووپێوی |
| ١٨ | ئەندازیاری میکاترۆنیک + ئەندازیاری ووزە | ٧٢ | بەشەکانی میکانیک + ووزە |
| ١٩ | ئەندازیاری دیزاینی ناوخۆ | ٧٢ | بەشی دیزاین |
| ٢٠ | یاسا | ٦٠ | بەشی کارگێری یاسا |
| ٢١ | تەکنەلۆجیای زانیاری، سیستەمی زانیاری و زانستی کۆمپیوتەر و تۆرەکانی کۆمپیوتەر و سکیورتی | ٦٠ | بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری + نێتۆرک |
| ٢٢ | زمان و ئەدەبی ئینگلیزی و وەرگێران | ٥٥ | دەرچووی بەشی زمانی ئینگلیزی |
| ٢٣ | زمان و ئەدەبی ئینگلیزی و وەرگێران | ٥٣ | دەرچووی بەشی وەرگێران |
| ٢٤ | ژمێریاری (ژمێریاری و دارایی) | ٥٠ | بەشی ژمێریاری + بەشی کارگێری بانکەکان |
| ٢٥ | کارگێری کار | ٥٠ | بەشی کارگێری کار + بەشی کارگێری نەوت و گاز |
| ٢٦ | دارایی وبانک (زانستە دارایی و بانکیەکان) | ٥٠ | بەشی کارگێری بانکەکان |
| ٢٧ | بەبازارکردن (بازارگەری و بازرگانی ئەلیکترۆنی) | ٥٠ | بەشی بەبازارکردن |
| ٢٨ | کارگێری یاسا | ٥٠ | بەشی کارگێری یاسا |
| ٢٩ | کارگێری تەندروستی | ٥٠ | بەشی کارگێری تەندروستی |
| ٣٠ | راگەیاندن | ٥٠ | بەشی راگەیاندن + بەشی کۆمپیوتەر و تەکنەلۆجیای زانیاری |
| ٣١ | گەشت و گوزار | ٥٠ | بەشی رێبەری گەشتیاری + بەشی کارگێری دەزگاکانی گەشتیاری |
| ٣٢ | بەڕێوەبردن و نەوت و گاز | ٥٠ | بەشی کارگێری نەوت و گاز |

**برگەی هەشتەم: ڕاستاندن (ڕاستی و دروستی) و بەخشینی بڕوانامە:**

١. لە دوای تەواوکردنی خوێندنی ئەکادیمی لە زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان قوتابی/خوێندکار بڕوانامەی دەرچوونی پێنابەخشرێت ئەگەر هاتوو لە دوای دەرچوونی فەرمانی وەرگرتن، ڕاستی و دروستی (صحة الصدور) بۆ بڕوانامە ئامادەییەکەی لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم یان عێراق فیدراڵ بۆ نەکرابێت، کە پێویستە ئەم ڕاستی و دروستییە بە نوسراوی نهێنی ئەنجامدرابێت.
٢. دەرچووانی ئامادەیی شارەکانی دەرەوەی هەرێم کە هاوڵاتی ناوەڕاست و باشوری عێراقن, دەبێت بڕوانامەکانیان لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی عێراق فیدراڵ ڕاستی و دروستی (صحة الصدور) بۆ بکرێت لە ڕێگەی وەزارەتمانەوە.
٣. قوتابی/خوێندکار پاش دەرچوونی لە زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان بڕوانامەی دەرچوونی پێنابەخشرێت ئەگەر هاتوو فەرمانی وەزاری وەرگرتن (القبول) و فەرمانی زانکۆیی دەرچوونی (التخرج) بۆی دەرنەچووبێت بە پێ ی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان.
٤. بڕوانامەی بەنمرەی دەرچوونی قوتابی/خوێندکار پێویستە مۆری زانکۆ / پەیمانگە و واژووی هەر یەك لە (بەڕێوەبەری تۆمار، سەرۆکی بەش ، ڕاگری کۆلێژە زانکۆییەکان ، سەرۆکی زانکۆ و ڕاگری پەیمانگە) لەسەر بڕوانامەکە هەبێت، بەپێچەوانەوە بڕوانامەکە لە وەزارەتمان پەسەند ناکرێت.
٥. پشتگیری دەرچوون بە هەموو جۆرەکانی و بڕوانامەی دیواربەند (جداري) قوتابی/خوێندکار پێویستە مۆری زانکۆ / پەیمانگە و واژووی هەر یەك لە (بەڕێوەبەری تۆمار ، ڕاگری کۆلێژە زانکۆییەکان ، سەرۆکی زانکۆ و ڕاگری پەیمانگە) لەسەر بڕوانامەکە هەبێت، بەپێچەوانەوە پشتگیریەکە یان بڕوانامەکە لە وەزارەتمان پەسەند ناکرێت.
٦. پەسندکردنی پشتگیری دەرچوون، بڕوانامەی بەنمرە، بڕوانامەی دیواربەند (جیداری) لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی, لە ڕوانگەی مادەی (٢٥) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣) بە دانانی خانەیەك بۆ پەسەند کردنی لە لایەن وەزارەت.
٧. قوتابی/خوێندکار مافی وەرگرتنی یەک وێنە لە بڕوانامەی بە نمرەی دەرچوون بە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) هەیە بەخۆڕایی لە زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان. پێویستە گشت نووسینەکانی سەر کلێشەی بڕوانامەکە بەو زمانە بێت کە دەرچووان داوای دەکەن، نەوەک لە هەمان کلێشەی بڕوانامەدا زمانی جیاجیا هەبێت.
٨. لەکاتی داواکردنی وێنەی دووەم یاخود زیاتر، لە (بڕوانامەی بەنمرە)بە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) لەلایەن دەرچووانەوە، ئەوە زانکۆ / پەیمانگە دەتوانێت بڕێك پارە بۆ هەر بڕوانامەیەکی بەنمرە وەربگرێت بەمەرجێك لە (١٥٠٠٠) دینار زیاتر نەبێت.
٩. لە کاتی پێدانی وێنەی یەکەم و زیاتری پشتگیری دەرچوون(تأييد التخرج) و بڕوانامەی دەرچوون(وثيقة التخرج) کە تەنها ئاماژە بە تێکڕای نمرەی قوتابی/خوێندکاری دەرچوو کراوە وە بڕوانامەی دیواربەند (جداري)بە قوتابیان و خوێندکاران هیچ بڕە پارەیەک وەرناگیرێت لە لایەن زانکۆ/ پەیمانگە تایبەتەکان.
١٠. لەکاتی پێدانی پشتگیری دەرچوون بە قوتابیان/خوێندکاران پێویستە ناونیشانی شوێنی ئاراستەکراو بە ڕوونی دیاری بکرێت, وە پێویستە ئەو پشتگیرییەی کە یەکەم جار بۆی کراوە داوای لێبکرێتەوە ئەگەر هاتوو پشتگیریەکە بۆ مەبەستی دامەزراندن بوو.
١١. لەکاتی پەسەندکردنی بڕوانامەی بەنمرە ، بڕوانامەی دیواربەند و پشتگیری دەرچوون و بڕوانامەی دەرچوون لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، پێویستە ئەو بڕوانامەیەی کە پێ ی لە زانکۆ / پەیمانگە وەرگیراوە لەگەڵدابێت.

**برگەی نۆیەم: کارە کارگێڕییەکان:**

١. ئەگەر هاتوو قوتابی/خوێندکاری وەرگیراو لە لە زانکۆ یان پەیمانگەیەکی تایبەت فەرمانبەربوو ئەوا پێویستە مۆڵەتی خوێندن بهێنێت بەپێی یاساو ڕێنماییە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان و خۆی بە تەواوی بۆ خوێندن تەرخان بکات، بەپێچەوانەوە وەرگرتنەکەی هەڵدەوەشێتەوە.
٢. بۆ هەر قوتابی/خوێندکارێك دۆسیەیەك دەکرێتەوە و دەبێت سەرجەم بەڵگەنامەکان لە خۆبگرێت وەکو: بڕوانامە، فەرمانی وەزاری وەرگرتن، فەرمانی زانکۆیی وەرگرتن لەگەڵ تێکڕای بەڵگەنامەکانی تری پێویست.
٣. دەوامی فەرمی قوتابیان/خوێندکارانی وەرگیراو تەنها لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی بەرایی وەرگرتن دەست پێ دەکات ، هەر دەوامێک پێش ڕاگەیاندنی ناوی وەرگیراوان پێچەوانەی ڕێنماییەکانە.
٤. زانکۆ/ پەیمانگە ناتوانێت ریکلام بکات یاخود پرۆسەی ناونوسین ئەنجام بدات بۆ مەبەستی وەرگرتنی قوتابیان / خوێندکاران پێش دەرچوونی ڕێنماییەکانی وەرگرتن لە لایەن وەزارەتەوە بەپێچەوانەوە بە گوێرەی خاڵەکانی فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٧٩٧٣) لە ڕێکەوتی (٢٠١٦/٥/٢٤) کە تایبەتە بە سزای پێبژاردن (غرامە) لەبەرامبەر هەر سەرپێچیەك یاخود جێبەجێ نەکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتمان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

٥. پێویستە زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان سەرجەم یاسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لە تابلۆی ئاگادارییەکان وە سایتی تایبەت بە زانکۆ و پەیمانگەکان بڵاوبکەنەوە.

٦. ڕێکارە کارگێڕییەکانی وەرگرتنی قوتابیان / خوێندکاران لە زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان پێویستە بەم ڕیزبەندییەی خوارەوە بێت و ناکرێت سەرپێچی لەم ڕیزبەندییە بکرێت.
أ. پەسندکردنی پلانی وەرگرتن لەلایەن وەزارەت.
ب. پێشکەش کردنی داواکاری وەرگرتن لە ڕێگای (سیستەمی ئۆنلاین).
ج. ئەنجامدانی گرێبەست لە نێوان زانکۆ / پەیمانگە لەگەڵ قوتابی/ خوێندکار دوای ڕاگەیاندنی ناوەکان لە لایەن وەزارەتەوە.
د. وەرگرتنی قستی یەکەم لە کرێی خوێندن.
هـ. دەرکردنی فەرمانی وەزاری بە وەرگرتنی کۆتایی قوتابیان/خوێندکاران.
و. دەرچوونی فەرمانی زانکۆیی (فەرمانی کارگێری) بە وەرگرتنی قوتابیان/خوێندکاران.

٧. پێویستە زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان مۆر و واژووی تایبەت بە خۆیان لە سەر هەموو بەڵگەنامەکانی دەرچوو و گرێبەست لەگەڵ قوتابی / خوێندکار هەبێت.

٨. زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان پێویستە مەرج و ڕێنمایی تاقیکردنەوە و ڕێکاری قوتابیان/ خوێندکاران ژمارە (١) و (٢)ی ساڵی (٢٠٠٩) جێبەجێ بکەن بەلەبەرچاوگرتنی سیستەمی خوێندن و تایبەتمەندی هەر زانکۆ / پەیمانگەیەکی تایبەت و جێ بەجێکردنی پێواژوی بۆلۆنیا پروسیس.

٩. زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان پابەند دەبن بە سەرجەم خاڵەکانی ڕێنماییەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری و زانستخوازی بەردەوام تەندروستی و سەلامەتی.

١٠. لەکاتی هەبوونی دووانە (التوأمة) لە نێوان زانکۆیەکی خۆماڵی و زانکۆیەکی دەرەوە ڕەچاوی ڕەزامەندی و ئەو مەرجانە دەکرێت، کە لە لایەن وەزارەتەوە دەخرێتە سەر زانکۆکە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن.

١١. فۆرمی گرێبەستی ساڵانە لە نێوان قوتابی/ خوێندکار و زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان دەنێردرێت بۆ وەزارەت بەمەبەستی یەکخستنی و پەسەندکردنی دواتر کارپێکردنی، بە پێچەوانەوە کار بە هیچ گرێبەستێکی دیکە ناکرێت جگە لەو گرێبەستانەی کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەسند کراوە.

١٢. بۆ هەر حاڵەتێکی تر کە لە برگەکانی سەرەوە دا نەهاتووە، پەیرەوی مەرج و ڕێنماییەکانی زانکۆ حکومییەکان دەکرێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی خوێندن لە هەر زانکۆ / پەیمانگەیەکی تایبەت.

١٣. پێویستە زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان لەگەڵ دەستپێکردنی هەر کۆرسێکی خوێندن ئاماری قوتابیان/ خوێندکاران و ستافی وانەبێژان و کارمەندان بنێرن بۆ هۆبەی ئاماری زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لە فەرمانگەی خوێندن وپلان دانان لە وەزارەتمان.

١٤. گۆڕینی دەوامی قوتابیان/خوێندکاران لە نێوان دەوامی خوێندنی ( بەیانیان - ئێواران) لە زانکۆ تایبەتەکان ڕێگەپێدراوە تەنها بە شێوەی میوانداری (استضافة) بۆ ئەو بەشانەی قوتاب/ خوێندکاری ئێوارانیان ماوە وە بروانامەکەی لەسەر بنەمای وەرگرتن پێدەدرێت کە لە کاتی خۆی پێی وەرگیراوە.

١٥. دواخستنی خوێندن (تأجیل) قوتابی/ خوێندکار تاکوو مانگێك پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەم ڕێگە پێدراوە.

١٦. لە سیستەمی وەرزی ئەگەر قوتابی/ خوێندکار ڕێژەی ئامادەنەبوونی لە کۆی ساڵەکە لە دوو وانە زیاتربوو بەهۆی ئامادەنەبوون (غيابات) دابڕاندنی لە خوێندن بۆ دەکرێت بەهۆکاری تێپەڕاندنی ڕێژەی یاسایی وە قوتابی/خوێندکار لە هەردوو وەرز بە کەوتوو هەژمار دەکرێت. وە ئەو زانکۆ و پەیمانگەیانەی کە پێواژووی بۆلۆنیا پەیڕەو دەکەن پێویستە ڕێنماییەکانی پێواژوی بۆلۆنیا پروسیس جێ بەجێ بکەن.

**برگەی دەیەم: ڕێنماییە داراییەکان:**

١. ساڵانە پێداچونەوەی نرخەکانی خوێندن لەسەرجەم زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان دەکرێت پاڵپشت بە برگەی (٦) لە مادەی (دوازدەم) لە یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە (٢) ساڵی (٢٠١٣) .

٢. وەرگرتنی پارەی ساڵانەی کرێی خوێندنی قوتابی/ خوێندکار بە گرێبەستێک پاڵپشت بەو کرێیەی کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی پەسەندکراوە دەبێت. شێوازی وەرگرتنی کرێی خوێندن لە زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان پێویستە بە (٥) قست کەمتر نەبێت.

٣. نابێت قوتابی/ خوێندکار بەهۆی دواکەوتنی قستی کرێی خوێندن سزابدرێت و لە تاقیکردنەوەکان بێ بەش بکرێت.

٤. زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان دەتوانێت پێش تاقیکردنەوەکان قوتابی/ خوێندکار ئاگادار بکاتەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو قستی کرێی خوێندنی بدات، ئەگەر لەو ماوەیە کرێی خوێندنەکەی نەدا ئەوە زانکۆ / پەیمانگە بۆی هەیە دواتر ئەنجامی تاقیکردنووەکانی پێ نەداتەوە.

٥. زانکۆ / پەیمانگە ناتوانێت هیچ برە پارەیەک وەربگرێت لە قوتابی/ خوێندکاری قۆناغی یەکەم یاخود گرێبەستیان لەگەڵ واژوو بکات تاوەکو ناوی لە لایەن وەزارەتەوە ڕادەگەیەندرێت.

٦. کردنەوەی خولی زمانەوانی ، کۆمپیوتەر یان خوێندنی ئامادەکاری بە پارە بۆ قوتابیان / خوێندکارانی دەرەوەی زانکۆ / پەیمانگە پێویستە پێشوەخت ڕەزامەندی وەزارەتی لەسەر وەرگیرابێت ، بەڵام دەتوانرێت ئەم خولانەی کە تایبەتە بە قوتابیان / خوێندکارانی زانکۆ / پەیمانگەکە بە بێ ڕەزامەندی وەزارت خولەکە بکەنەوە بە مەرجێك لە بری بەشداریکردن هیچ برە پارەیەك وەرنەگیرێت.

٧. زانکـۆ / پەیمـانگە تایبەتەکـان لەبـری پێـدانی فـۆرمی وەرگـرتن دەتـوانن (٤٠٠٠) دینـاری عـێراق بـۆ هەر فۆرمێـک لـە قوتابی/ خوێندکار وەربگرن.

٨. داواکاری بۆ سکاڵا و داواختنی خوێندن دەبێت بێ بەرامبەر بێت.

٩. پارەی تانەدان (اعتراض) بۆ پێداچونەوە بە نمرەی تاقیکردنەوەکان نابێت لە (٣٠٠٠) دینار تێپەڕێت بۆ هەر وانەیەك.

١٠. وەرگرتنی پارە لە قوتابی/ خوێندکار بۆ دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەی وەرزی وکۆتایی ساڵ ڕێگەپێدراو نییە.

١١. وەرگرتنی پارە لە قوتابی/ خوێندکار بەرامبەر ئاراستەکردنی نووسراو بۆ هەر شوێنێکی تری دەرەوەی زانکۆ ڕێگەپێدراو نییە.

١٢. کرێی خوێندن بریتی دەبێت لە پێشکەشکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی پرۆسەی خوێندن و سەرجەم ئەو خزمەتگوزاریانەی کە لە کاتی پرۆسەکە پێشکەش بە قوتابی/خوێندکار دەکرێت، بۆ ئەوەی پرۆسەکە سەرکەوتوو بێت و دڵنیایی جۆری تیایدا بەرجەستە بکرێت، بۆیە ڕێگە نادرێت جگە لە پارەی خوێندن، هیچ پارەیەکی تر لە قوتابی/خوێندکار وەربگیرێت وەك پارەی ئینتەرنێت و ویب سایت، یاخود دابینکردنی کەلوپەل بۆ تاقیگە پزیشکیەکان و تاقیگەی پسپۆریەکانی تر و پێدانی شوێنی وەستانی ئوتومۆبێل، یاخود ناسنامەی زانکۆ جگە لە بەشە ناوخۆیەکان .

١٣. زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان دەتوانن لە کاتی دواخستنی ساڵی خوێندنی قوتابی/خوێندکار ڕێژەیەك لە کرێی خوێندن لە قوتابی/خوێندکار وەربگرن بەمەرجێك لە (٣٠٪)ی کرێی خوێندنی ساڵانەی تێپەڕ نەکات، وە بۆ ساڵی داهاتوو لە کاتی گەڕانەوەی قوتابی/خوێندکار نابێت وەرگرتنی کرێی خوێندنی لە (٧٠٪) تێپەڕ بکات. ئەگەر ساڵانی دواتر داوای کشانەوەی دۆسیەی کرد، ئەوا لە دەسەڵاتی زانکۆ و پەیمانگەیە بە گەڕاندنەوەی بری پارەی (٣٠٪) بۆ قوتابی/ خوێندکار.

١٤. پێویستە ساڵانە زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان پاکانەی باجی دەرامەت بە پێی ڕێنماییە داراییەکان پەیرەو بکات.

١٥. پێویستە زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان پابەند بن بە جێ بەجێ کردنی گشت برگەکانی ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی (٢٠١٦) کە تایبەتە بە وەرگرتنی رسومات لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لەلایەن وەزارەتەوە.

١٦. نابێـت زانکـۆ / پەیمـانگە هـیچ قوتـابی / خوێنـدکارێک بەدەر لە پـلانی وەرگـرتنی پەسـەنکراو لە لایەن وەزارتمـانەوە وەربگرێـت، ئەگەر هـاتوو هەر سـەرپێچیەک ئەنجامـدرا لە پـلانەکە ئەوا زانکـۆ / پەیمـانگەکە غەرامە دەکرێـت بە برێـک پـارە کە وەزارەت دیـاری دەکـات. وەهەروەهـا قوتـابی / خوێنـدکاری وەرگـیراو نـاوی لە لیسـتی وەرگـیراوان دەسڕێـتەوە و پێویسـتە لە لایەن خـودی زانکـۆ/ پەیمـانگەکەوە قەرەبـوو بکـرێتەوە. وە بـۆ سـاڵی دواتـر هـیچ قوتـابی/ خوێندکارێکی پێنادرێت لەو بەشەی کە سەرپێچی تێدا ئەنجام داوە.

١٧. زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان پێویستە پابەندبن بە جێ بەجێ کردنی گشت خاڵەکانی فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٧٩٧٣) لە (٢٠١٦/٥/٢٤) کە تایبەتە بە سزای پێبژاردن (غرامە) لەبەرامبەر هەر سەرپێچیەك لە جێ بەجێ کردنی یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتمان.

١٨. پێویستە لە مانگی تەمموزی هەموو ساڵێک زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان پرۆژەی بودجەی ساڵانەی خۆیان پێشکەش بە وەزارەتمان بکەن بە مەبەستی ووردبینیکردن دوای ئەوەی بودجەکە لە لایەن دەستەی ئەمیندارانەوە پەسەند دەکرێت. وە یەکێکە لە مەرجەکانی پەسەندکردنی پلانی وەرگرتنی قوتابیان / خوێندکاران بۆ هەمان ساڵی خوێندن کە ئەمەش پاڵپشتە بە

ڕێنمایی ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠١٦) ماددەی (دووەم) ی تایبەت بە وەرگرتنی رسومات لە زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی یەوە.

١٩. ئەو قوتابی / خوێندکارانەی کەوا وانەی (عبور) یان هەیە هیچ ڕێژەیەک لە کرێی خوێندنیان لێ وەرناگیرێت.

٢١. قوتابی/خوێندکاری کەوتوو (راسب) لە ساڵی دواتر کرێی خوێندنیان بەم ڕێژانەی کە لە خشتەی خوارەوە ئاماژەی پێکراوە لێیان وەردەگیرێت. ئەگەر هاتوو قوتابی / خوێندکار تەنها لە یەک وەرزی خوێندن دەرنەچوو بوو ئەوا پێویستە تەنها کرێی خوێندنی ئەم وەرزە بدات بە پێی وانەکان کە لە خشتەی خوارەوە هاتووە. ئەگەر لە هەردوو و وەرزدا وانە کەوتبوو پێویستە بە پێی وانەکان کە لە خشتەکەدا هاتووە بۆ کرێی خوێندنی ساڵەکە مامەڵەیان لەگەڵ دا بکرێت. بۆ سیستەمی ساڵانە بەهەمان خشتەی خوارەوە کرێی خوێندنیان لێ وەردەگیرێت. جگە لە قۆناغی کۆتایی ئەگەرهاتوو قوتابی/ خوێندکار بە هەر هۆیەک دەرنەچوو ئەوا بۆ ساڵی داهاتوو زانکۆ مافی وەرگرتنی کرێی خوێندنی هەیە بە پیی وانەی کەوتوو، واتە تەنها ئەو وانانەی کە لێی دەرنەچووە پارەی کرێی خوێندن دەدات بە زانکۆ/پەیمانگە.

| ژ | ژمارەی وانەی کەوتن لە سیستەمی ساڵانە | ژمارەی وانەی کەوتن لە سیستەمی وەرزی | ڕێژەی وەرگرتنی کرێی خوێندن |
|---|---|---|---|
| ١ | دوو وانە | سێ وانە | ٪٣٠ |
| ٢ | سێ وانە | چوار وانە | ٪٤٥ |
| ٣ | چوار وانە | پێنج وانە | ٪٦٠ |
| ٤ | پێنج وانە و زیاتر | شەش وانە و زیاتر | ٪١٠٠ |

**<u>برگەی پانزەهەم: ڕێنماییەکانی گواستنەوەی خوێندنی قوتابیان/ خوێندکاران:</u>**

**پێوەرە گشتییەکانی گواستنەوە:**

١. گواستنەوە تەنها دوای قۆناغی یەکەم دەبێت.

٢. مەرجە لاری نەبوونی هەردوو زانکۆ/پەیمانگە بەدەست بهێنێت بۆ گواستنەوە. وە لە کۆتایی پرۆسەکە پێویستە وەزارەت گواستنەوەکە پەسەند بکات.

٣. پێویستە قوتابی/خوێندکار سەرەتا لاری نەبوون لە زانکۆ/ پەیمانگەی ڕەسەن(دایک) بهێنێت دواتر لاری نەبوونی ئەو زانکۆ/پەیمانگەیەی کە خوێندنەکەی بۆ دەگوزاێتەوە.

٤. پێویستە فەرمانی کۆتایی وەرگرتن لەناو نوسراوی ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی داوای گواستنەوە دەکەن هەبێت.

٥. گواستنەوە و میوانداری لە زانکۆ تایبەتەکان بۆ زانکۆ حکومیەکان ڕێگە پێنەدراوە.

٦. قوتابی/ خوێندکار بۆی هەیە خوێندنەکەی لە زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێم بگوازێتەوە بۆ زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکانی دەرەوەی هەرێم و عێراق لەهەمان پسپۆڕی خۆی بەمەرجێك ئەو زانکۆ / پەیمانگەی بۆی دەچێت باوەڕپێکراو بێت لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستانەوە.

٧. دابەزین لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی دیکە لە زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان ڕێگەپێنەدراوە، ئەگەر قوتابی/خوێندکار ویستی بەشەکەی بگۆڕێت پێویستە هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتنی لەو بەشەی وەرگیراوە بۆ بکرێت و بەپێی مەرج و ڕێنماییەکانی وەرگرتن بچێتەوە پێشبرکێی وەرگرتن لەو بەشەی دەیەوێت بخوێنێت بە مەرجێک لە فۆرمی پێشکەشکردن ئاماژەی پێبکرێت.

٨. گواستنەوەی قوتابی/ خوێندکار لە زانکۆ حکومییەکان بۆ زانکۆ تایبەتەکان لە بەشی هاوشێوە و هەمان پسپۆڕ ڕێگەپێدراوە بە مەرجێک لارینەبوونی هەردوو زانکۆ بەدەست بهێنێت دواتر پێوانەی زانستی (المقاصة العلمية) بۆ ئەنجامبدرێت لەلایەن ئەو زانکۆیەی کە بەمەبەستی گواستنەوە بۆی دەچێت. پێویستە لە کۆتاییدا پرۆسەی گواستنەوەکە ئاراستەی وەزارەت بکرێت بەمەبەستی پەسەندکردنی گواستنەوەکەی.

٩. لە کاتی گواستنەوەی قوتابی/ خوێندکار لە نێوان زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان تەنها ئەو زانکۆ / پەیمانگەی قوتابی/ خوێندکار بۆی دەچێت مافی وەرگرتنی کرێی خوێندنی هەیە دوای پاکتاوی دارایی ساڵانەی پێشووی خوێندن

١٠. بۆ هەموو برگەکانی گواستنەوە لەناوەوە و دەرەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان پێویستە ڕەچاوی ڕێنماییەکانی (المقاصة والتحميل) بکرێت کە لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان پەیرەو دەکرێت.

**أ- گواستنەوەی خوێندنی قوتابی/خوێندکار لە نێوان زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکانی هەمان پارێزگا تەنها بۆ ئەم حاڵەتانەی خوارەوە ڕێگەپێدراوە:**

١. هەڵپەساردنی وەرگرتن، نەمانی بەش لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان.

٢. بڕیاری لیژنەی بەرزەفتکردن بە گواستنەوەی قوتابی/ خوێندکار لە کاتی سەرپێچیکردنی بەهەر هۆیەك.

٣. ئەگەر هاتوو قوتابی/خوێندکار پاساوێکی ڕێپێدراوی (عذر المشروع) هەبوو. بۆ ئەمەش دوای هێنانی لاری نەبوونی هەردوو زانکۆ/پەیمانگە پێویستە ڕەزامەندی وەزارەت وەربگیرێت.

**ب- گواستنەوەی خوێندنی قوتابی/ خوێندکار لە نێوان زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکانی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ئەم حاڵەتانەی خوارەوە ڕێگەپێدراوە:**

بە یەکێک لەم مەرجانەی خوارەوە گواستنەوەکە ئەنجام دەدرێت:

١. گواستنەوەی خانەوادەی قوتابی/ خوێندکار بۆ پارێزگایەکی تری هەرێم بە پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی فەرمی.
٢. گواستنەوەی شوێنی کاری بەخێوکاری (ولی أمر) بە پێشکەشکردنی بەڵگە.
٣. هاوسەرگیریکردنی قوتابی / خوێندکار لە پارێزگایەکی تر.
٤. وەفاتی بەخێوکاری (ولی أمر) قوتابی/خوێندکار.
٥. نەخۆشی درێژ خایەن بە پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی لیژنەی پزیشکی پەسەندکراو.

**ج- گواستنەوەی خوێندنی قوتابیان/خوێندکاران لە زانکۆ /پەیمانگە تایبەتەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق بۆ زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان لەم حاڵەتانەی خوارەوە ڕێگەپێدراوە:**

١. قوتابی/ خوێندکاری ناوەڕاست و باشووری عێراق لە کاتی گواستنەوە بۆ زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان پێویستە ڕەچاوی کۆنمرەی وەرگرتن بکرێت، هەروەها ئەگەر قوتابی/خوێندکار دەرچووی ئامادەییەکانی هەرێمی کوردستان بوو ئەوە پێویستە ڕەچاوی کەمترین کۆنمرەی وەرگیراو لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان بکرێت لە ساڵی وەرگرتن.
٢. پێویستە ئەو زانکۆ / پەیمانگەیەی کە قوتابی/ خوێندکار لێی دەخوێنێت باوەڕپێکراو بێت وەهەروەها ئیمتیاز بە دەرچووانیان بدرێت لە هەرێمی کوردستان.
٣. پێویستە پێوانەی زانستی (المقاصة العلمية)یەی بۆ بکرێت بە پێی ڕێنماییەکان.

**د- گواستنەوەی خوێندنی قوتابیان/خوێندکارانی دەرەوەی وولات بۆ زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم:**

١. گواستنەوەی خوێندنی قوتابی/ خوێندکار لە دەرەوەی وولات بۆ زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم ڕێگەپێدراوە، بە مەرجێک ڕەچاوی پێوەری پرۆسەی وەرگرتن لە هەرێم لە رووی کۆنمرەی ئامادەیی بکرێت. بۆیە پێویستە بروانامەی ئامادەییان لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان یەکسان کرابێت بۆ ئەوانەی کەوا بروانامە ئامادەییەکەیان لە دەرەوەی وولات بەدەستهێناوە.
٢. پێویستە ئەو زانکۆیەی کە قوتابی/خوێندکار لێی دەخوێنێ باوەڕپێکراو بێت و ناوی لە لیستی زانکۆ باوەڕپێکراوەکانی ڕێکخراوی یونسکۆ هەبێت.
٣. پێویستە پێوانەی زانستی (المقاصة العلمية)یەی بۆ بکرێت بە پێی ڕێنماییەکان.

**هـ - گواستنەوەی خوێندنی قوتابی/خوێندکارانی هاوڵاتیانی رەسەنی هەرێمی کوردستان لە بەشەکانی پزیشکی ددان، دەرمانسازی و ئەندازیاری زانکۆکانی دەرەوەی ووڵات بۆ زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم ڕێگەپێدراوە، بە مەرجێك قۆناغی یەکەمی بە سەرکەوتوویی تەواو کردبێت، وە کۆنمرەی ئامادەییان بەم شێوەی خوارەوە بێت.**

١. ئەو قوتابی /خوێندکارانەی کە لە سالی خوێندنی(٢٠٢٠-٢٠٢١) و سالانی دواتر لە یەکێک لە زانکۆکانی دەرەوەی وولات وەرگیراون پێویستە کۆنمرەی ئامادەییەکەیان کەمتر نەبێت لە (٨٥٪) بۆ هەردوو بەشی پزیشکی ددان و دەرمانسازی لە کاتی گواستنەوەیان بۆ زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان، وە سەبارەت بە وەرگیراوانی پێش سالی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) بۆ خوێندنی بەشی پزیشکی ددان و دەرمانسازی پێویستە کۆنمرەی قوتابی/خوێندکار لە (٨٠٪) کەمتر نەبێت.
٢. بۆ خوێندنی بەشەکانی ئەندازیاری پێویستە کۆنمرەی قوتابی/ خوێندکار لە (٧٥٪)کەمتر نەبێت.
٣. پێویستە پێوانەی زانستی (المقاصة العلمية)یەی بۆ بکرێت بە پێی ڕێنماییەکان.
٤. دوای بەدەستهێنانی لارینەبوونی هەردوو زانکۆ پێویستە نمرەکانی کۆرسەکان لە باڵوێزخانەی عێراق و وەزارەتی دەرەوەی ئەو ووڵاتەی کە لێی دەخوێنێت پەسەند کرابێت. پێویستە لەکۆتاییدا پرۆسەی گواستنەوەکە ئاراستەی وەزارەت بکرێت بەمەبەستی پەسەندکردنی گواستنەوەکەی.
**٥.** پێویستە ئەو زانکۆیەی کە قوتابی/خوێندکار لێی دەخوێنێ باوەڕپێکراو بێت و ناوی لە لیستی زانکۆ باوەڕپێکراوەکانی ڕێکخراوی یونسکۆ هەبێت.

**و- <u>سیستەمی میوانداری:</u>**

سیستەمی میوانداری (استضافة) لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان و پاڵپشت بە ڕێنمایی سیستەمی میوانداری لە زانکۆ حکومیەکان کە بە نوسراوی ژمارە (٥/ ٢٦٠١) لە (٢٠٠٨/٢/١١) گشتاندنی پێکراوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١. پێویستە ئەو قوتابی / خوێندکارەی داواکاری میوانداری پێشکەش دەکات بۆ درێژەدان بە خوێندن لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان لە زانکۆیەکی باوەڕ پێکراوی ناوەڕاست و باشووری عێراق بێت. کە لە هەرێمی کوردستان ئیمتیاز بە دەرچووانیان دەدرێت.
٢. پێویستە ئەو قوتابی / خوێندکارەی داواکاری میوانداری پێشکەش دەکات لاری نەبوونی زانکۆی ڕەسەنی خۆی و زانکۆی میوانداری هەبێت.
٣. پێویستە ئەو قوتابی / خوێندکارەی داواکاری میوانداری پێشکەش دەکات لەو زانکۆ تایبەتە بخوێنێت کە هەمان بەشی پسپۆری و قۆناغی خوێندنی هەیە.
٤. قوتابی/ خوێندکار لە ماوەی میوانداری کردنی لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان بری (٥٠٪)ی کرێی خوێندنی پەسندکراو لە زانکۆی میواندار دەدات بە زانکۆ و بری (١٠٪)ی کرێی خوێندنی زانکۆی میواندار دەدات بە سندوقی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.
٥. پێویستە ساڵانە میوانداری کردنی قوتابیان / خوێندکاران لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان نوێ بکرێتەوە.
٦. لە ماوەی میوانداری کردن لە زانکۆ تایبەتەکان ، پێویستە قوتابی / خوێندکار پابەندی ڕێنمایی و سیستەمی خوێندنی زانکۆی میواندار بێت.
٧. دوای تەواوبوونی ماوەی خوێندن، پێویستە زانکۆی میواندار بەشێوەی نهێنی نمرەکانی ڕەوانەی زانکۆی ڕەسەنی قوتابی / خوێندکارەکە بکاتەوە.
٨. قوتابی/ خوێندکار دەتوانێت لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن میوانداری بکات جگە لە قۆناغی کۆتایی.

**<u>برگەی دوانزەهەم: میکانیزمی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکان :</u>**

**ڕێژەی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکان:**

| هەلگرانی بروانامە | ڕێژەی وەرگرتن لە کۆی پلانی وەرگرتن | ئەم ساڵ | ساڵانی پێشوو |
|---|---|---|---|
| دەرچووانی ئامادەیی | ٪٨٠ | ٪٩٠ | ٪١٠ |
| دەرچووانی لقە پیشەییەکان | ٪٥ | ٪٩٠ | ٪١٠ |
| دەرچووانی پەیمانگەی پێنج ساڵەی سەر بە وەزارەتی پەروەردە | ٪٥ | ٪٩٠ | ٪١٠ |
| دەرچووانی پەیمانگەی تەکنیکی دوو ساڵە جگە لە بەشی دەرمانسازی و ددانسازی کە تەنها دەرچووی دووەم لەسەر ئاستی پارێزگا لە بەشی تەکنیکی ددان و دەرمانسازی/پەیمانگە حکومیەکان وەدەگیرێن. | ٪١٠ | ٪٩٠ | ٪١٠ |

١. مەرج نیە گشت زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان تەواوی ڕێژەی پلانی وەرگرتنیان پێبدرێت، بەڵکو دەکەوێتە سەر ڕێژەی پابەندبوونیان بە بنەماکانی دڵنیایی جۆری و ئامادەیی ستافی وانەبێژی و تاقیگەو ژینگەی زانکۆ و پەیمانگە و پێداویستەکانی.

٢. ئەو بەشانەی تەنها دەرچووانی ئامادەیی تێدا وەردەگیرێت ئەوا کۆی پلانی وەرگرتن دابەش دەکرێت بە ڕێژەی (٩٠٪) بۆ دەرچووانی ئەمساڵ و (١٠٪) بۆ دەرچووانی ساڵانی پێشوو.

٣. ئەگەر لەو بەشانەی کە ڕێژەی وەرگرتنی لقە پیشەیی و پەیمانگە پێنج ساڵی و پەیمانگە تەکنیکەکان پرنابێتەوە، ئەوا بە دەرچووانی ئامادەیی پڕ دەکرێتەوە. وە بەپێچەوانەوە ئەگەر ڕێژەی وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەیی پرنەبووە ئەوا دەکرێت بە دەرچووانی لقە پیشەیی و پەیمانگە پێنج ساڵی و پەیمانگە تەکنیکەکان پربکرێتەوە بە مەرجێک گشت ڕێنماییەکانی وەرگرتنیان لەسەر بەرجەستەبێت. ئەم خاڵە جێبەجێ دەکرێت لە دوا قۆناغی پرۆسەی وەرگرتن بۆ ئەوەی مافی ئەو قوتابی / خوێندکارە پارێزراوبێت کە مافی وەرگرتنی لە زانکۆ / پەیمانگە هەیە.

**<u>برگەی سێنزەهەم: وانە هاوپەیوەندیدارەکان:</u>**

ئەگەر هاتوو ژمارەی ئەو قوتابیانەی/خوێندکارانەی، کە کەمترین کۆنمرەکانیان یەکسانە، زیاتر بوو لەو ژمارەیەی بڕیارە وەربگیرێن لە بەشێکی دیاریکراودا بەپێی پلانی وەرگرتن، ئەوا ناوەکان بەپێی وانە هاوپەیوەندیدارەکان دەچنە خانەی پێشبڕکێوە، هەروەکو لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

| بەش | وانە هاوپەیوەندیدارەکان |
|---|---|
| پزیشکی ددان + پزیشکی دەرمانسازی | کیمیا / فیزیا / زیندەوەرزانی |
| بەشە ئەندازیارییەکان | کیمیا / فیزیا / بیرکاری/ زیندەوەرزانی |
| بەشە زانستییەکانی هەردوو کۆلێژی زانست و پەروەردە | کیمیا / زیندەوەرزانی / فیزیا / بیرکاری |
| سەرجەم بەشەکانی تر | بەپێی پسپۆری |

**<u>برگەی چواردەهەم: قوتابی/خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت:</u>**

١. قوتابی/خوێندکاری نابینا کە مەرجەکانی وەرگرتنی هەبێت بۆی هەیە داواکاری وەرگرتن ڕاستەوخۆ پێشکەش بکات بە زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان بۆ وەرگرتن لەیەکێك لە کۆلێژە مرۆڤایەتییەکان.

٢. قوتابی/ خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت ئەگەر لە بەشێک وەرگیرا و جەستەی شیاو نەبوو بۆ ئەو جۆرە خوێندنە، ئەوە زانکۆ/ پەیمانگە تایبەتەکان دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت و لەبەرچاوگرتنی ئارەزووی قوتابی/ خوێندکارەکە بۆیان هەیە بیگوازنەوە بۆ بەشێکی شیاوتر بە مەرجێک کۆنمرەکەی لەو بەشەدا وەرگیرابێت.

٣. ڕەچاوی شوێنی خوێندن و هۆڵ وتاقیگە بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بکرێت.

**برگەی پانزەهەم: پەیوەندیکردن و نارەزایی:**

١. هەر قوتابی/خوێندکارێك بەپێی ریزبەندی هەڵبژاردنەکانی خۆی بەپێی رێنماییەکانی وەرگرتن لەو بەشەی وەردەگیرێت ئەوە بەهیچ شێوەیەک مافی نارەزایی نابێت و خۆی بەرپرسیار دەبێت لە هەڵەی پرکردنەوە.
٢. لەکاتی بوونی هەر کێشە و حاڵەتی سکاڵای قوتابیان/خوێندکاران، پێویستە زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان بەدواداچوون بکەن پێش ئەوەی بۆ وەزارەتمان بەرزبکەنەوە.

**برگەی شانزەهەم: پابەندبوون بە رێنماییەکانی ئەزموون و رێکاری قوتابیان/خوێندکاران:**

١. قوتابیان/ خوێندکاران دەبێت پابەندبن بەدەوام بەپێی رێنماییەکانی ئەزمونەکان و رێکاری قوتابیان/ خوێندکاران کە بەنوسراومان ژمارە (٢٢١٣٠/٥ لە ٢٠٠٩/١٢/١٤ ) گشتاندنی بۆ کراوە بۆ هەموو زانکۆ حکومی و زانکۆ/ پەیمانگە تایبەتەکان، بۆ دڵنیابوون لە دەوام و تاقیکردنەوەکان لە لایەن تیمی پشکنینی تایبەت بە دواداچوون دەکرێت.
٢. پێویستە قوتابی/خوێندکار دوای وەرگرتنی کۆتایی لە زانکۆ / پەیمانگە تایبەتەکان پابەندی دەوام بێت و خۆی تەرخان بکات بۆ خوێندن و بەپێی خشتەی وانەکان لە هۆڵەکانی خوێندن ئامادەبێت.
٣. لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی قوتابی/خوێندکار، ئەوا بەنوسراوی فەرمی لە لایەن بەشەکەیەوە ئاگادار دەکرێتەوە و پێراگەیاندنی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:
   أ - ئاگاردار کردنەوەی (تنبیە) ئەگەر رێژەی ئامادە نەبوونی گەیشتە (٥٪).
   ب - هۆشداری یەکەم ( إنذار أولی) ئەگەر رێژەی ئامادەنەبوونی گەیشتە (٧٪).
   ج - هۆشداری کۆتایی (إنذار نهائي) کاتێك رێژەی ئامادە نەبوونی تێپەرێت لە ( ١٠٪) بێ بیانووی رەوا (عذر غير مشروع) وە (١٥٪) بە بیانووی رەوا (عذر مشروع).
   د- دەبێت قوتابی/ خوێندکار بەڵێننامە پربکاتەوە لە بەشەکەی کە تیایدا ئاماژە بەوە بکات کەوا پێی راگەیاندراوە رێژەی ئامادەنەبوونی (١٠ %) بە بێ بیانووی رەوا (عذر غير مشروع) یاخود (١٥٪) بە بیانووی رەوا (عذر مشروع)، وە ئەگەر دوای پرکردنەوەی بەڵێننامە رێژەی نەهاتنی تێپەراند ئەوا بەپێی رێنماییەکانی ئەزمونەکان و رێکاری قوتابیان/ خوێندکاران کە بەنوسراومان ژمارە (٢٢١٣٠/٥ لە ٢٠٠٩/١٢/١٤ ) گشتاندنی بۆ کراوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.
   هـ- قوتابی/ خوێندکار بەڵێننامە پرنەکاتەوە یان رەتی پرکردنەوەی بەڵێننامە بکات ئەوا وەك بەڵێننامەی پرکردبێتەوە ماددە یاساییەکانی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.
   و- گشت ئاگادار کردنەوە و هۆشدارییەکان وێنەیەکی لە تابلۆی ئاگادارییەکانی تایبەت بە قوتابیان /خوێندکارانی سەر بەشەکان دەبێت هەڵبواسرێت.
   ی- پێویستە گشت فەرمانە زانکۆی و کارگێرییەکانی تایبەت بەم بابەتە وێنەیەکی بدرێت بە وەزارەتمان.
٤. دەرفەت بدرێت بەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە لە کاتی خوێندن بەهۆی کارەساتێك بەند دەکرێت بە پێی یاسای سزادانی عێراقی یان هەر یاسایەکی سزای دیکە بەمەرجێك ئەم قوتابی/ خویندکارە رێژەی (١٥٪) ئامادەنەبووی تێنەپەراندبێت لە کاتی دەستگیرکردنیدا.
٥. قوتابی/ خوێندکار ئەگەر ئامادەنەبوونی لە بابەتێک رێژەی (١٠٪) تێپەراند دەتوانرێت تەنها لەو بابەتە بەکەوتوو ئەژمار بکرێت بەبێ بیانووی رێپێدراو (عذر غير مشروع) .
٦. ئەگەر قوتابی/ خوێندکار رێژەی ئامادەنەبوونی لەکاتی نەبوونی بیانووی رێپێدراو (عذر مشروع) کە بریتیە لە (کۆچی دوای کەسانی نزیک وەکو دایک و باوک و خوشک و برا و هاوسەر و منداڵ یان نەخۆشی کە دەبێت بە راپۆرتی پزیشکی بسەلمێندرێت) لە (١٥٪) تێپەری ئەوا پێویستە لەلایەن زانکۆوە دابراندنی لە خوێندن بۆ بکرێت.

**برگەی حەڤدەهەم: پەرینەوە (عبور):**

١. وانەی پەڕینەوە یەك وانەی ساڵانە و دوو وانەی وەرزی دەبێت.
٢. دوو وانەی وەرزی ئەگەر هەردوو وانەکە لەیەك وەرز بن وە یان هەر وانەیەك لە وەرزێك بێت پەڕینەوە دەیگرێتەوە.
٣. لە سیستەمی ساڵانە قوتابی / خوێندکار بۆی هەیە تەنها یەك (١) وانەی پەڕینەوەی(عبور) هەبێت تاکو قۆناغی سەرووتر لەگەڵ خۆی ببات بەمەرجێك میچی خوێندنەکەی تێپەڕنەکات.
٤. لە سیستەمی وەرزی قوتابی / خوێندکار بۆی هەیە تەنها دوو (٢) وانەی پەڕینەوەی(عبور) هەبێت تاکو قۆناغی سەرووتر لەگەڵ خۆی ببات بەمەرجێك میچی خوێندنەکەی تێپەڕنەکات.
٥. لە هەموو حالەتێکی پەڕینەوە هاوشێوەی زانکۆ حکومییەکان دەبێت.

**برگەی هەژدەهەم: قوتابی/خوێندکار دوای گەڕانەوەی لە تەرقین قەید لەم حالەتانەدا دووبارە تەرقین قەید دەکرێتەوە:**

١. ئەگەر لە هەمان قوناغ لە ساڵی گەڕانەوەی دەرنەچوو.
٢. ئەگەر لە قۆناغەکانی تر دا دوو ساڵ لەسەر یەکتر دەرنەچوو.
٣. قوتابی/خوێندکار تەنها دوو جار سوودمەند دەبێت لە گەڕانەوە بۆ خوێندن.

**برگەی نۆزدەهەم:** لە رۆژی دەرچوونی ئەم رێنماییە کار بە هیچ رێنمایی و مەرجەکانی وەرگرتنی پێشووتر ناکرێت لە زانکۆ پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان.

**حەمەی حەمە سعید**

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

(بە وەکالەت)